Saladin University – Erbil
College of Education
Special Education Deportment
First Class - Early Intervention

زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
كۆلیژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی یەكەم / چارەسەری پێشوەختە

سـالّی خوێندن (٢٠٢٢-٢٠٢٣) - وەرزی دووەم

2

# چارەسەری پێشوەختە
# Early Intervention
# التدخل المبكر




پ.ی. د. مهدی عباس قادر
كۆلیژی پەروەردە - بەشی پەروەردەی تایبەت

# پرۆگرامەکانی چارەسەری پێشوەختە

( Early Intervention Programs - **برامج التدخل المبكر** )

چارەسەری پێشوەختە وەك هەر یەکێك لە چارەسەرییەکان، چەندین پرۆگرام و بەرنامەی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر یەکێك لەم بەرنامە و پرۆگرامانە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە لە کات و شوێنی خۆی و بەپێی پێویستی (حالة) تەکان ئەنجام بدرێن.

لە سەرەتای دەستپێکردن بە جێبەجێ کردنی هەر بەرنامە و پرۆگرامێك پێویستە جێبەجێکار (منفذ)ی بەرنامە شارەزایی و لێزانینی وکارامەیی لە چەند بوارێکدا هەبێت، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە کارەکەی لە پێناو خزمەتکردنی دروست بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. چونکە ئەم شارەزایی و کارامەییانە لە قۆناغەکانی داهاتووی منداڵەکان سوودی و رەنگدانەوەی خۆی دەبێت. لە خوارەوە چەندین کارامە و شارەزایی و لێزانین لەم بارەوە دەخەینەڕوو:

- **لێزانین و کارامەییەکانی جێبەجێکاری بەرنامە و پرۆگرامەکانی چارەسەری پێشوەختە:**

**١ - کارامەیی سەربەخۆیی (المهارات الاستقلالية):**

وەك کارامەیی پاراستنی خود (مهارات العناية الذاتية)، و کارامەیی ژیانی رۆژانە (مهارات الحياة اليومية) لەگەڵ کارامەیی دڵنیایی و سەلامەتی (مهارات الطمأنية والسلامة).

**٢- کارامەیی هەستی جوڵەی (مهارات الحس الحركية):**

بریتییە لە شارەزایی و کارامەیی بەیەکەوە کارکردنی جووڵە و بینین (مهارات التأزر الحركي والبصري)، کارامەیی جووڵە ورد و بەدیقەتەکان ( مهارات الحركية الدقيقة) و کارامەیی جووڵە گشتیەکان ( مهارات الحركية العامة).

**٣- کارامەیی زمانەوانی ( المهارات اللغوية):**

بریتییە لە کارامەیی زمانەوانی تێگەیشتن و دەربڕین ( مهارات اللغة الاستقبالية والتعبيرية)

**٤- كارامەیی کۆمەڵایەتی ( المهارات الاجتماعية ):**

بریتییە لە شارەزایی و کارامەییەکان لە بواری کۆمەڵایەتی وەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی.

**٥- کارامەیی ئەکادیمی ( المهارات الاكاديمية ):** وەك کارامەییەکانی (خوێندنەوەو نووسین و بیرکاری ).

**٦- کارامەیی کاری پیشەیی ( مهارات العمل المهنية).**

# جۆری پرۆگرامەکانی چارەسەری پێشوەختە

چەندین جۆری پرۆگرامی دەستوەردانی پێشوەختە هەیە لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی دەستوەرادنی پێشوەختە، وەك :

١- پرۆگرۆامی پۆرتاج.

٢- پرۆگرامی ڤۆجتا.

٣- پرۆگرامی سکای های.

٤- پرۆگرامی (T.D.S.I)

.................................

**١- پرۆگرامی پۆرتاج:**

بریتیە لە بەرنامەیەکی گەشەیی و پێشخستنی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەکاتی لەدایك بوونەوە تا تەمەنی (٩) ساڵی، ئەم بەرنامەیە بە ناوی شاری (پۆرتج) لە ویلایەتی ویسکونسن لە وڵاتی ئەمەریکا ناونراوە، لە ساڵی ١٩٦٨ لە وڵاتی ئەمەریکا کار بەم پرۆگرامە دەکرێت، لەرێگای ئەم پرۆگرامە وە راهێنان بە دایکی منداڵی خاوەن پێداو یستی تایبەت لەسەر چۆنیتی فێرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکە، واتە پرۆگرامی رۆشنبیرکردنی دایکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتە بۆ ئەوەی خۆیان رۆڵی مامۆستا و راهێنەری منداڵەکانیان ببینن. ئەم پرۆگرامە خزمەتێکی زۆر بە ئەو منداڵانە دەگەیەنێت کە گەشەی ژیری و مەعریفیان دواکەوتووە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە کێشەی جووڵەیان هەیە بۆ نموونە ( ئیفلیجی مێشك )بەڵام سوودی زۆری بۆ ئەو منداڵانە نییە کە بیر کۆڵی و دواکەوتووی ژیریەکەیان زۆرە ، یان کەرو نابینان.

ئامانجەکانی ئەم پرۆگرامە:

١- پێشکەشکردنی بەرنامەی ئیمیرجنسی (فرایکەوتن). لە ناوماڵدا کە ژینگەیەکی گونجاو و لەبار و ناسراوە بۆ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت.

٢- زوو دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی کێشەیان هەیە گەشەیان دواکەوتووە، ئەویش لە رێگەی هەڵسەنگاندنی تواناکانی منداڵ.

٣ بەشدار پیپێکردنی راستەوخۆی دایك و باوك لە پرۆسەی راهێنان و فێرکردنی منداڵەکانیان،کەئەمەش ئاسانترین و باشترین رییگاچارەیە کە هەر لەتەمەنێکی بچووکەوە دایك و باوك لەناو ماڵی خۆیان ، رۆڵیان لەکەمکردنەوەی کێشەی منداڵەکانیان دەبێت.

٤ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کارامەیی گونجاو بۆ ژینگە حالەتی منداڵەکان.

- **کین ئەوانەی سوودی لیوەر دەگرن** :.

١  هەموو ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەنێوان (٢)ساڵ و (٩) ساڵدایە.

٢  دایك و باوك و کە س و نزیکی منداڵ.

٣  کارمەندانی دام وو دەزگا  وکۆمەڵ و رێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

- **تایبەتمەندییەکانی ئەم پرۆگرامە:.**

١  یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە کە بەئاسانی دەگاتە زۆرترین منداڵی بچووك و لە دوورترین شوێن، بەبێ ئەوەی  پێویستی بەخەرجی و ماندوو بوونی زۆر هەبێت.

٢ ئەم پرۆگرامە پێویستی بەکارمەند و پسپۆری تایبەت نییە، بەڵکوو دەرچووانی ناوەندی و ئامادەیش دوای راهێنانیان دەتوانن برگەکانی ئەم پرۆگرامە  پێشکەش بەکەس و کاری منداڵەکان بکەن.

- **بوارەکانی ئەم پرۆگرامە:.**

١ -  پەیوەندی کردن و زمان و قسەکردن (١٠٠ ٪ ) ٤/٤ یان ٥/٥ .

٢  درکپێکردن و مەعریفە ( ١٠٠ ٪) ٤/٤ یان ٥/٥ .

٣  یارمەتی دانی خود ( ٨٠ ٪ ) ٥/٤ .

٤  جووڵە ( ٨٠ ٪ ) ٥/٤ .

٥  بەکۆمەڵایەتی کردن ( ٧٥ ٪)  .

دەکرێت رێژەی سەرکەوتن لە هەموو بوارەکانی  فێرکردنی سەرەوە ( ١٠٠ ٪) بێت ، بەڵام نابێت لەئەو رێژانەی کەلەسەرەوە دیاریکراون کەمتربن.

**هەنگاوەکان و بەشەکانی پرۆگرامی پۆرتاج :.**

**١ - پێناسە:** واتە پێناسەی پرۆژەکە و دیاریکردنی ئەو ئەرکەی کە پرۆگرامەکە مەبەستیەتی ئەویش ئەرکی فێرکردنە.

**٢ - سەرنجی خێرا:** بریتتیە لەسەرنجدانی خێرا بۆ زانینی ئەوەی ئایا منداڵەکە کێشەی گەشەنەکردن و دواکەوتنی هەیە.

**٣ - دەستنیشانکردن :.**

ئەمە ئەرکی پزیشك و پسپۆرانی دەروونییە کە دەستنیشانی کەم و کورتیەکانی منداڵەکان دەکەن و خاڵە بە هێز و لاوازەکانی هەر منداڵە دەستنیشان دەکەن، سەرەرای دیاری کردنی رێگاچارەکان و چۆنێتی گەشە پێکردنی خاڵە لاوازەکانی هەر منداڵێك.

- **جۆری یارمەتیەکان:.**

**١ - یارمەتیدانی جەستەی : وەك :**

- قۆڵ و مەچەك و دەستگرتن لەکاتی نووسین .
- بنباڵ و قۆڵ و دەست و پەنجە گرتنی لەکاتی رۆیشتن بازدان.

**٢ - یارمەتیدان بە چاو ( سەیرکردن ):.**

کاتێك مامۆستا و دایك و باوك لەبەر چاوی منداڵ کارو چالاکییەك دەکەن، تا منداڵە دوای بینینیان لاساییان بکاتەوە ، ئیتر لاساکردنەوەکە هی بەشێکی کارەکە بێت یان هەمووی .

**٣ - یارمەتیدان بەقسەکردن:.**

واتە روونکردنەوەی ئامانجی چالاکی و فێرکردنە بە وشەو قسەکردن، یان بۆ منداڵانی کەڕ و لاڵ بە ئیشارەت (ئاماژەکردن) دەبێت ئەمەش چەند شێوازێك لەخۆ دەگرێتەوە لەوانە :.

١ - بڕگەیەکی وشەکە دەوترێت (تۆ) لەجیاتی (تۆپ)یان ( با ) لەجیاتی (بازنە).

٢ - یان تەنها پیتی یەکەم دەوترێت بۆ نموونە (چ) اەوشەی (چاو).

٣ - باسکردن و روونکردنەوەی ئەو شتەی کەمەبەستە فێری بکرێت ، بۆ نموونە وەسف کردنی تۆپ یان چاو و رەنگی و ئەرکەکانی.

٤ - بەقسە رێنمایی و ئاراستە کردنی منداڵ لەکاتی ( ددان شووشتن ، جل و بەرگ لەبەر کردن ، چوون بۆ توالیت)

- **هەنگاوەکانی سەردانکردنی ماڵەکان:.**

١ - دیاریکردنی کاتی سەردانەکە.

٢ - دڵنیا بوون لە ئەوەی کە دایك و باوك لەماڵەوەن.

٣ - کۆ بوونەوە لە گەڵ دایك و منداڵ و قسە لەگەڵ کردنیان.

٤ - وەرگرتن و بردنی نمرەی کۆتایی ئامانجەکانی پێشوو.

٥ - کۆ بوونەوەیەکی کورت خایەن لەگەڵ منداڵەکە.

٦ - دیاریکردنی ئەو ڕۆژە و روونکردنەوەی مەبەست و گرنگی ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە بۆ دایك .

٧ - دەبێت مامۆستاکە هێڵی بناغەی ( بنکەیی) ئامانجەکەی ئەو رۆژە دەستنیشان بکات .

٨ - پێویستە مامۆستاکە لەبەر چاوی دایکەکە چالاکییە کانی ئەو رۆژە بکات وهانی دایکەکە بدات بۆ ئەوەی وەك ئەو دووبارەیان بکاتەوە.

٩ - پێویستە دایکەکەش وەك مامۆستاکە هەمان چالاکی و کار دووبارە بکاتەوە

١٠ - پێویستە مامۆستا رای دایکەکە دەربارەی ئەو چالاکییە وەربگرێت و دڵنیا بێت لەئەوەی کە دایکەکە بە باشی لەئامانج و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی تێگویشتووە.

١١- دەبێت مامۆستا هەموو ئەو ئامانجانە ی کەلەماوەی یەك هەفتەدا دراوە بە منداڵەکە لە لیستی راپۆرتی هەفتانە تۆماری بکات، دوای ئەوەش پرسیار لە دایك بکات کەچی تر بە گرنگ دەزانێت بۆ ئەوەی راهێنانی لەسەر بکەن و دایکەکە فێربکات.

- **وردەکاریەکانی سەردانی کردن:.**

١ - خۆ ئامادەكرن بۆ سەردانەكە و دەستنیشانكردن و بردنی هەموو ئەو شتانە كە پێویستن بۆ ئەو سەردانە وەك (جۆری چالاكی و كەرەستەكان).

٢ - گەیشتن بۆ ماڵە كە لەكاتی خۆیدا لەگەڵ وەرگرتنی رەزامەندی خێزانەكە بۆ چوونە ژوورەوە، لەگەڵ دڵنیا بوون لە ئەوەی كە دایكەكە یان ئەو كەسەی كە راهێنان بە منداڵەكە دەكات لە ماڵەوەیە، هەروەها منداڵەكەش لە لایەنی تەندروستیەوە بۆ ئەوە راهێنانە ئامادە یە.

٣ - ئاگادار كردنەوەی شۆفیرەكە لەكاتی دیاریكراو بگەرێتەوە و تیانووسی رۆیشتنە كەش لەگەڵ خۆی بهێنێت ، بەلاّم ئەگەر مامۆستا كە بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی بڕوات ئەو كات پێویست بە ئەم هەنگاوە ناكات .

٤ - دانیشتن لەگەڵ دایك و مندالەكە و دەستكردن بەهەندیك قسەی ئاسایی و چاك و چۆنیەتی هەواڵپرسین لە تەندروستی منداڵەكە،بۆ ئەوەی لەلایەنی دەروونیەوە دایك و منداڵەكە بۆ راهێنانەكە ئامادەبن، هەروەها پرسیاركردن دربارەی ئامانج و چالاكییەكانی پێشوو ، ئایا لەسەری بەرداوام بوو بوو وەك پێویست راهێنانەكانی بە منداڵەكە وە كردوە ، تووشی هیچ كێشە و گرفتێك بووە ، دەكرێت مامۆستا پێش راهێنانەكە یاری و هەندیك قسەی خۆش لەگەڵ منداڵەكە بكات .

٥ - پێویستە مامۆستا لیستی چالاكییەكانی پێشوو لەگەڵ خۆی ببات و بزانێت تا چەند دایكەكە لە ئەو ئامانجانەی جێبەجێكردوە و تاچ ئاستێك منداڵەكە سوودی لێیان وەرگرتووە ، دەبێت بە پێی پێوەر و رێنماییەكان نمرەی كۆتای بۆ هەر یەكێك لە ئامانجەكان دا بنێت,

٦ - دوای قسە لەگەڵ كردن و هەندێ چالاكی لەگەڵ منداڵەكە ،پێویستە بەپێی كەیسی منداڵەكە و جۆری دواكەوتن و كێشەكەی كاتێك بۆ حەساندنەوەی منداڵەكەو دووبارە خۆ ئامادەكردنی تەرخان بكرێت.

٧ - مامۆستا دوای ئامادە كردنی كەرەستەو پێداویستیەكان، دەست دەكات بە باسكردن و روونكردنەوەی گرنگی و ئامانجی سەردانەكەی ئەمرۆ ی بۆ دایكی منداڵە.

٨ - مامۆستا هێڵی بناغەیی ( بنكەیی ) ئامانجەكانی ئەو رۆژەی دیاری دەكات، بۆ ئەوەی بزانێت تاچەند منداڵەكە ئامادەیەو توانای جێبەجێكردنیانی هەیە،دواتر لەبەر چاوی دایكەكە نموونەیەك لە راهێنانەكان جێبەجێ دەكات و هەموو هۆیەكانی هاندان و چۆنیێتی جێبەجیكردنی بۆ دایكەكە روونكردەكاتەوە، هەروەها بۆ دڵنیا بوون لە تێگەیشتنی،مامۆستا داوا لە دایكی منداڵەكە دەكات ئەویش وەك ئەو هەمان چالاكی ئەنجام بدات.

٩ - دەبێت مامۆستا لەگەڵ دا یكەكە بكەوێتە گفت و گۆو راگۆرینەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت كە دایكەكە ( فۆرمی چالاكییەكان) و ئامانجەكانی تێگەیشتووە، ئەویش لەرێگای خوێندنەوەی لەلایەن مامۆستاكەوە بۆ دایك یان خوێندنەوەی لەلایەن دایكەوە بۆ مامۆستا،هەروەها تا چەند بروای بە گرنگی ئەو چالاكییانە هەیە.

١٠ - دوای ئەوەی مامۆستا داوا لە دایك دەكات كە ئەو ئامانجانەی پێبڵێ كە دەیەوێت راهێنانی لەسەر بكات و منداڵەكەی لەسەر رابهێنێ ، پێویستە مامۆستا ئەو ئامانجانەی كە دراوە بە دایك و منداڵەكە لە فۆرمی ( لیستی ) هەفتانە تۆماریان بكات.

- **جۆرەكانی هەڵسەنگاندن لە پرۆگرامی زوو بە دەنگە هاتن :.**

یەكەم/ هەڵسەنگاندنی فەرمی

دووەم/ هەڵسەنگاندنی نا فەرمی

سێ یەم/ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی

چوارەم/ هەڵسەنگاندنی بەردەوام

**یەكەم/ هەڵسەنگاندنی فەرمی:.**

بریتیە لە هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەكانی گەشەكردنی منداڵ و دیاریكردنی خاڵە بە هێزو لاوازەكانی ، واتە پرۆفایل و راپۆرتێكی گشتیە دەربارەی هەموو لایەنەكانی كەسێتی منداڵەكە،ئەم راپۆرتی دەروونی و تێستە ستاندەرن و مامۆستاو دایك و باوك ناتوانن دەستكاری بكەن و بەمەزاج و ویستی خۆیان هەڵسەنگاندن بكەن، بەڵكوو هەڵسەنگاندنەكە بە پێی پێوەرو تێستی ستاندەری باوەرپێكراوەوە دەبێت ( بۆ نموونە تێستی ئەلپرین بۆل).

- **ئەم تێستە ساڵی دووجار جێبەجێ دەكرێت:.**

أ - لەسەرەتا ی ساڵی بەمەبەستی دەستنیشانكردنی خاڵە لاوازو بەهێزەكانی منداڵ و ئەو شتانە ی كە دە یزانێت و ئەوانەش كە نا یزانێت.

ب - لە كۆتای ساڵی خوێندن بۆ زانینی چەندێتی و بری چوونە پێش و ئەو شتانە كە فێربووەو هەروەها زانینی ئەو گۆرانكاریانەی كە بەسەر رەفتارو هەڵس و كەوتی منداڵەكەدا هاتووە. واتە تا چەند سوودی لەبەرنامەو پرۆگرامەكە وەرگرتووە. ئەم تێستە پێوانە ی ئەم لایانانەی خوارە وە دەكات:.

**١- تەمەنی جەستەیی:.**

ئەمەش لەرێگای پێوانەی گەشەی جەستەو هێزی ماسوولکەکان و توانای بە ئەنجام گەیاندنی چالاکییەکانی وەك ( بازدان و رۆیشتن و لەسەر یەك قاچ و برینی شت بەمقەست ە هەڵدان و گرتنەوەی تۆپ ) دیار دەکرێت.

٢ - **تەمەنی پارمەتیدانی خود :.**

ئەمەش لەرێگای پێوانەکردنی توانای ( پشت بەستن بە خۆی لەکاتی نانخواردن،جل و بەرگ لەبەر کردن،خۆشووشتن، رزگاربوون لەپاشەرۆ، لەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریەتی)خ وە دیاری دەکرێت.

٣ - **تەمەنی کۆمەڵایەتی:.**

ئەم لایەنەش لەرێگای پێوانەکردنی توانای ( تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و پەیداکردنی هاورێ و مامەڵە کردن لەگەڵ گەورەکان،رەفتاری گونجاو لەشوێنە گشتیەکان)دیاری دەکرێت.

٤ - **تەمەنی ئەکادیمی و مەعریفی:.**

ئەم لایەنەش لەرێگای پێوانەکردنی توانای ( فێربوونی مەعریفی و بیرکاری و نوسین و خوێندنەوەوە) دیاری دەکرێت بۆ نموونە تا چەند توانای کۆکردنەوەی دوو ژمارەی هەیە یان تا چەند رەنگەکان و پیت و ژمارەو شێوە ئەندازەییەکان دەناسێتەوە و توانای کێشانی هێڵی ستوونی و شاقولی یان نووسینی نیشانەکانی کۆکردنەوەو لێدەرکردنی هەیە.

٥ - **تەمەنی پەیوەندیکردنی :.**

ئەم لایەنەش لەرێگای پێوانەکردنی توانای ( زمانی گوزارشتکردن و وەرگرتن چ لەرێگای ئاماژە وئیشارەتەوە بێت یان قسەکردن و نوسینەوە بێت.) دیار دەکرێت.

ئەم تێستەش لەلیستی تۆمارکردن پێك دێت و هەوڵدەدرێت هەموو تواناو لێزانی و شارەزاییەکانی منداڵ و سەرکەوتن و سەرنەکەوتن خاڵە بەهێز و لاوازەکانی لەئەو شیت و لیستە تایبەتانەدا تۆمار بکرێت، ئەو لیست و لاپەرانەش لەشێوەی وێنە و هێڵ و بۆ کس و چوارگۆشە ی جۆراو جۆردان و زانیاریەکانیان تێدا تۆمار دەکرێت.

**دووەم/ هەڵسەنگاندنی نافەرمی:.**

هەڵسەنگاندنی نافەرمی بریتی یە لە تێبینی ورد و درێژ کە قوتابخانە پێی هەڵدەستێت لەسەر رەفتاری منداڵەکە. کە لە سەرەتایی ساڵی خوێندنەوە دەست پێ دەکات و بە کۆتایی ساڵی خوێندن کۆتایی دێت. سوودی قوتابخانە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەوەیە لە کاتی دانانی پلانی فێربوونی منداڵان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکان. بەکاریان دێنێت.

**سێ یەم/ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی:.** لە ئامرازەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە بریتی یە لە:

١- گەڕانی لیستی checklist

بریتی یە لە جۆرە پەڕاوێکی هەڵسەنگاندن، لەکاتی سەردانی کردنی یەکەم بۆ قوتابخانە تیایدا تێستی ڕەفتارەکان تۆمار دەکات و لە سەردانی دووەمدا لە قوتابخانەدا دەخوێندرێت وجێبەجێی دەکرێت. وە هەر یەکێك لە قوتابیەکان پەڕاوی هەڵسەنگاندنی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەمانەی خوارەوەی لەسەر دەنوسرێت:

- ناوی قوتابی.
- ناوی قوتابخانە.
- مێژووی لەدایکبوونی.
- ساڵی خوێندن.

هەروەها شەش بوار لە بوارەکان دەگرێتەوە وەك:

- بواری بە کۆمەڵایەتی بوون.
- بواری درککردن.
- بواری گەیاندن.
- بواری خودی.
- بواری جولەیی.

٢- کارتی فایل File Card

ئەم جۆرە کارتانە هەمان ئامانجی خالی یەکەمی (**checklist**)یان هەیە. بەڵام جۆر و شێوازی کارتەکان کارتی روونکردنەوە و راڤەکردنە. قوتابخانەکان لەو کاتانە دەگەڕێتەوە سەر کارتەکان کە ئاستەنگی لە خوێندنی ئامانج دروست بێت. بەڵام مەرج نی یە قوتابخانە پابەندی تەواوی هەموو بڕگەکان بێت کە لە کارتەکاندا هاتوو، بەڵکو تەنها ئەو کارتانە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ توانای منداڵ و ژێنگەکەیان دەگونجێت.

٣- ناميلەكان:

بريتييە لە چەندينناميلكەی جۆراوجۆر كە بەرنامەكان و رێگاكانی تيادا روونكراوەتەوە لەكاتی پێويست دەگەڕينەوە سەری .

**چوارەم/ هەڵسەنگاندنی بەردەوام:.**

بريتی يە لەو جۆرە هەڵسەنگاندنەی لە سەرەتايی ساڵی خوێندنەوە تا كۆتايی ساڵی خوێندن بەردەوام دەبێت، وە گرنگترين كەرەستەكانی ئەم بەرنامەيە ئەمانەی خوارەوەيە:

- **پەڕاوی چالاكی**

بريتی يە لەم پەڕاوەی كە لەلای دايك دەمێنێتەوە كە هەڵدەستێت بە فێركردنی منداڵەكەی بە درێژايی هەفتە بەپێی سيستەمی پەيڕەوكراو و زانراو لە نێوان دايك و قوتابخانەدا.

- **راپۆرتی هەفتانە:** لەمانەی خوارەوە پێك دێت:
- **تێبينی يەكانی خێزان:** بريتی يە لە (تا چەند منداڵەكە وەڵامی هەبووە لەكاتی خوێندنی ئامانجەكان) و (پێشنيارەكانی دايك) و ( ئەو ئاستەنگانەی كە رووبەڕووی دەبێتەوە لەكاتی فێركردندا).
- **تێبينی يەكانی قوتابخانە:** كە لە چوارچێوەی (منداڵ و دايك و ژينگەی گشتی ئامادەكراو بۆ فێربوون ) دەگرێتەخۆی لەكاتی سەردانی كردنی ماڵەوە.
- **زانياری لەسەر باری منداڵەكە لە رووی تەندروستی و رەفتاری.**
- **خشتەيەك بەو چالاكييانەی كە لەلای دايك جێی هێشتوون.** ئايا ئامرازەكانی هاندەرە ؟ وە ئايا شتی نوێی هەيە يان بەردەوامە لەسەر رەفتارەكانی پێشوو.
- **پەڕاوی تۆماركردنی رەفتار :** ئەم پەڕاوە يەكێكە لە بنەڕەتييەكانی كاری سەرپەرشتياری بۆ بەدواداچوونی پلانی كاری رۆژانە لەگەڵ مندالەكە. كە تيايدا ئامانج و هێلی بنەڕەتی و رێكەوتی دەستپێكردن و پێشنيارەكانی خێزان و رێكەوتی بەدەستهێنانی ئامانج بەپێی راپۆرتی هەفتانە بۆ هەر سەردانێكی ماڵەوە.

**٢- پرۆگرامی فۆجتا:**

ئەمەش پرۆگرامێكی فێركاری و راهێنانە و بۆ يەكەمجار لەلايەن پزيشكی ئەڵمانی كەناوی ( ڤوجتا ) يە لە ئەڵمانيا تاقيكرايەوە، ئامانج لە پرۆگرامی ڤۆجتا راهێنانی دايكانی ئەو منالآنەيە كە هەر لەمنداڵيەوە ( هەر لەكاتی لە دايك بوونەوە تا تەمەنی ٥ ساڵی ) كێشەی جووڵە و رۆيشتنيان هەيە، لەرێگای ئەم پرۆگرامە وە دايكەكان فێری ئەو چالاكييانە دەكەن كەپێويستە لەگەڵ ئەو جۆرە مندالآنە جێبەجێ بكرێن بۆ ئەوەی ماسوولكەكان و ئە ندامەكانی جووڵەيان بەهێز

بكرێن و له سەر جووڵە هانبدرێن ئەویش به ڕێگاو شێوازی تایبەت فشار بخرێته سەر هەندێك بەشی لەشی منداڵ بۆ ئەوەی ماسوولكەكانی بەهێز بكرێت .

هەر لەیەكەم سەردانەوە داوا له دایكان دەكرێت كه واز له منداڵەكەیان بهێنن با به ئارەزووی خۆی پاڵ بكەوێت و رەفتار بكات، لەبەر ئەوەی جەسته و ئەندامەكانی ئامادەی جووڵە نین ، نابێت ناچار بكرێت كه دانیشێت یان به پێوه بوه ستێت ئەگەر هیچ كێشەی جەستەی نەبوو ، لەبەر ئەوەی ناچار كردنی دەبێته هۆی زیان پێگەیاندنی ، داوا له دایك دەكرێت كەواز له منداڵەكەی بهێنێ كەلەسەر پشت یان دەم یان لاتەنیشت پاڵ كەوتووە، وه نابێت هیچ ئامێر و كەرەستەیەك بۆ یارمەتیدانی جووڵەی  یان دانیشتنی  بەكاربهێنێت ، ئەگەر كێشەیەكی جەستەی هەبوو ، دواتر دایك و باوك فێر دەكەن كه چۆن راهێنان  به ماسوولكه و ردو گەورەكانی منداڵەكەیان بكەن و فێری ئەو پێوه ر و نۆرمه جیهانیانه یان دەكەن كه ئاماژە ن بۆ بوونی كێشەی جەستەیی و جووڵەیی منداڵ و ئاست و بری دواكەوتنی.

**٣  پرۆگرامی سكای های :.**

ئەمەش پرۆگرامێكی فێركاریی پەیمانگای ( سكای های ) ی ئەمریكیه بۆ پرۆسەی زوو فریاكەووتن و بۆ منداڵانی تەمەن ( ٠  ٤ ) ساڵی كه كێشەی  بیستنیان هەیه گونجاوە ،كه له ڕێگای ئەم پرۆگرامەوە دایكان فێری ئەوە دەكرێن كه چۆن په یوەندنی سەركەوتوو لەگوڵ منداڵانی نابیست (كەڕ)یان ( بەزەحمەت شت بیستن ) یان نابیناكانیان دابنێن و مامەڵەی دروستیان لەگەڵ بكەن ، لەگەڵ ڕاهێنان لەسەر بیستن و قسەكردن.

**٤  پرۆ گرامی تی دی اس ای :.**

ئەم پرۆگرامه بۆ یەكەمجار لەساڵی ( ١٩٧٤) له ژێر ناونیشانی ( پرۆگرامی چاودێری دایك و باوك بۆ منداڵانی داون سیندرۆم )كەئەمیش پرۆگرامێكی فێركارییه بۆ ڕاهێنان و فێركردنی دایكان و باوكانی منداڵانی داون سیندرۆم بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵەی  گونجاو لەگەڵ منداڵەكانیان بكەن و فێری ئەو شتانه یان بكەن كه دەتوانن فێریان ببن ، هەر (لەدوای لەدایك بوونەوە )تاتەمەنی (٣)ساڵی.

لەمیانەی ئەم پرۆگرامەوە دایك فێری ئەوە دەكەن كه چۆن له ڕێگای قسەكردن و مامەڵه ی رۆژانه وه گەشه بەتوانای قسەكردنی منداڵەكەی بدات  یان چۆن فێری كەوچك گرتن و نانخواردنی دەكات یان گرنگی به خودی خۆی و جل و بەرگ و كەل و پەلەكانی دەدات و چۆن پەیوەندی سەركوتوو لەگەڵ كەسانی تر دادەنێت.